خۆتان بپارێزن لە نزاکانی ستەملێکراو؛ بەدڵنیاییەوە، بەرز دەبنەوە بەرەو ئاسمان وەکو ئاگری پریشکەدار وان

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خۆتان بپارێزن لە نزاکانی ستەملێکراو؛ بەدڵنیاییەوە، بەرز دەبنەوە بەرەو ئاسمان وەکو ئاگری پریشکەدار وان».

[صەحیحە] [حاکم گێڕاویەتیەوە]

خۆتان بپارێزن لە ستەمکردن، وبترسن لە نزای ستەملێکراو؛ چونکە نزاکانی ستەملێکراو وەکو پریشکەی ئاگر بەرز دەبنەوە بەرەو ئاسمان، ولێرەدا چواندی بە پریشکەی ئاگر ئەمیش بەهۆی خێرایی بەرزبوونەوەی، یان ئەوەتا لە دڵێکەوە دەرچووە کە وەکو ئاگر گڕی گرتووە بە تین وگەرمی ستەم، یان وەکو پریشکەی ئاگر وایە کاتێک بەربەستەکانی پێشەوەی دەپڕێت لە ئاسمانەکان.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8309